## چەند هەناسـەیەکی

# عاشـقانە

هۆشەنگ شێخ محەمەد

(1)

# لەبارەی عاشقانە

لە عەشقدا روح لە قولآیی ئەگەڕێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

لە عەشقدا تەنیا قولآیی هەیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی باس لە خیانەت و بێوەفایی و کۆچی یار و شتی لەو بابەتانە ئەکەن، ئەوانە غەریبن لە قولآیی ناگەڕێن. روحیشیان ئاراستەیان ناداتێ بۆ قولآیی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی لە عەشقدا دڵ دەدۆڕێنن، مایەی بەزەیی نین، بەڵکو نەفرەت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی لە عەشقدا سەر دادەنێن، مایەی پێکەنینن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

لە عەشقدا عاشق و مەعشوق نین، حەبیب و حەبیبە نین، ئەو جۆرە زمانە بەکەڵکی عەشق نایەت، چونکە عەشق هەیە و هیچی نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

وشەی عاشق، ئەگەر گەڕان نەبێت لە قولآیی زماندا، هەر مانایەك بۆی سنووربەندی ئەکات،

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

لە عەشقدا هەر چییەك هەبێت سنوور نیە، سنوور بۆ شەڕ و تاڵانکردنی یەکدی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

لە عەشقدا، روح لە هیچ ناگەڕێت تەنیا لە قولآیی خۆیدا نەبێت، جا ئەگەر هاتوو بە رێککەوت گریان، یان خەندە، یان پێکەنین یان شعر، یان هەر شتێکی دیکەی دیت، ئەوە لەوە نیە کە عەشق لەوانە گەڕابێت، بەڵکو ئەوانە لە روحدا جێگیرن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوەی دەیوێ لە من فێرە عەشق بێت، حەتمەن ئەبێت لە من بێ ئاگاتر بێت لە حاڵی دڵ و دنیا؟!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەر عەشقە و ڕێی تایبەتی خۆی هەیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕێگەیە ماڵ و مەنزڵگە نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی بۆ عەشق ئەچنە خەڵوەت، لە دەسەڵات ئەگەڕێن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق گەڕانی جەستەیە لە قوڵایی خۆیدا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق (من)ە (ئەو) نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق لە خۆیدا بوونی هەیە، نەوەك لە دەرەوەی خۆی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

تا جەستە عەشق نەدۆزێتەوە، عەشق بوونی نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق جەستەیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوەی ئەڵێ عەشق پیرۆزە، پیرۆزی ئەباتەوە و عەشق لەدەست ئەدات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوەی ئەڵێ عەشق خیانەتە، خیانەت ئەباتەوە و عەشق ئەدۆڕێنێ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوەی ئەڵێت عاشقان ڕەنگ زەرد و لێو بەبارن، درۆ ئەکەن، ئەوانەی ئەڵێن عاشقەکان هەمیشە ئەمرن ، ئەوانیش درۆ ئەکەن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوەی پێی وایە عەشق گریانە یان پێکەنینە یان هەردوکییانە ، ئەو هەمیشە ئەتوانێت پێبکەنێت و بگریەت، بەڵام با گومانی هەبێت کە عاشقە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوەی ئەڵیت خوا سەروکاری لەگەڵ عەشق هەیە، ڕەنگە بچێتە بەهەشت، بەڵام ناگاتە عەشق.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سەروکاری لەگەڵ بەهەشت و جەهەنەم نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق میتافیزیك نیە، بەڵکو زەحمەتە بەتەواوی بێتە سەر زمان.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشقی سۆفیییانە، فۆڕمی گەڕانی هەستەکانە، لە خوا نەوەك لە عەشق.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

خەیاڵ لە عەشقدا، لە هەموو شتێك کورتترە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

خەونەکانی جەستە، ئارەقە بە عەشق ئەکەن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

(من) لە عەشق ناگەڕێت، لەناویدا ئەگەڕێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

من لەگەڵ عەشقدا ڕێ ناکەم. لە ناویدا ڕێ ئەکەم.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ڕۆیشتن بەکەناری عەشقدا، مانای عاشقبوون نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

نووسین لەسەر عەشق، نووسین نیە لە عەشقدا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

نووسین هەمیشە عەشق لە زمان ئەشارێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی بە یار ئەڵێن ، نەیار، بەر نەفرەتی زمان کەون.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی لە عەشقدا لە ئەخلاق ئەگەڕێن، ڕەنگە ئەخلاق بگرن و عەشق بەردەن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی ئەڵێن یار بێ وەفایە، مایەی پێکەنینن، و ئەوانەی ئەشلێن غەدرمان لە یار کرد، مایەی گریانن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق فێربوون نیە، بۆیە وانەی عەشقم مەدێ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوەی بیەوێت پیاوانە عەشق بکات، دەبێتە پیاو و نابێتە عاشق.ئەوەی ژنانەش عەشق ئەکات ئەبێتە ژن نابێتە عاشق.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ژنایەتی لە عەشقدا، پیاوەتی لە عەشقدا، جەستەییان لێ دەرکەیت، هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بەدیار مانگەوە قەت تۆم نەدیووە، تۆش نابینم، لە دەنگی رووبارەکانیش قەت گوێم لە چرپەکانی تۆ نەبووە، لە تۆوەش هەر وا لە خۆت زیاتر و لە تۆ زیاتر تۆم نەدیووە.لە تۆوەش تەنیا جەستەی خۆم.

★★★★★★★★

من نازانم بۆ عاشقتم، ناشتوانم لێت بپرسم، باشترە ئەم پرسیارە لە جەستەم بکەیت؟

★★★★★★★★

من داگیرت ئەکەم، خۆم ئازادئەکەم.

★★★★★★★★

تا پێمبکرێ خەونەکانت، تالآن ئەکەم، تۆش تا پێت ئەکرێ تالآنم کە.

★★★★★★★★

هەموو موقەدەسەکانت، لای من مایەی پێکەنینن، تۆش تا پێت ئەکرێ نەفرەت لە موقەدەسەکانم بکە.

★★★★★★★★

تۆ پیرۆز نیت، منیش پیرۆز مەکە.

★★★★★★★★

ئیدیال، وەهمێکە، هەرگیز لە عەشقدا جێگەی نیە.عەشقی ئیدیالیش، تەنیا ئیدیالە و عەشق نیە.

★★★★★★★★

بەو هەموو شعر و قسانەوە نابیتە عاشق، عەشق خۆی قسەی خۆیەتی و شعرییەتە.

★★★★★★★★

لە عەشقدا شعر ئەبێتە ئاماژە، لە شعریشدا عەشق ئەبێتە زمان.

★★★★★★★★

عەشق راپێچی ناو ژیانت مەکە، بە پێچەوانەوە.

★★★★★★★★

ئەدەبیات هێشتا نەیتوانیوە ببێتە جەستەی عەشق، لێ عەشق خۆی ئەدەبی جەستەیە.

★★★★★★★★

ئەتوخوا داوات لێئەکەم، بەس باسی مەم و زینم بۆ بکە.

★★★★★★★★

عەشق چەتر نیە، بەسەر جەستەتەوە، بەڵکو ئەوە جەستەیە بارانی عەشق ئەبارێنێ.

★★★★★★★★

ئەگەر بە ئەخلاقەوە عەشق بکەیت، تەنیا ئەخلاق ئەبەیتەوە.

★★★★★★★★

نا ئەخلاقگەراکان، پەیوەندییان بە عەشقەوە نیە، عەشق پەیوەندییان پێوە ئەکات.

★★★★★★★★

عەشق، تا ئەبەد، خۆی ئەگۆڕێ، لە بەستاوی هیچ ویرانەیەکدا خۆی نابەستێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی شەوان قسە بۆ مانگ و ئەستێرەکان ئەکەن، لەوێوە بانگی یارەکانیان ئەکەن، ئەوانە گاڵتە بە خۆیان ئەکەن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

کە ئەزانی عاشق نیت، درۆ لەگەڵ یارەکەت ناکەیت، بەڵکو لەخۆتی ئەکەیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەی بارانی خوا بتگرێ، ئەگەر ویستت بەسەرخۆشی و بە گۆرانی عاشق بیت، بەفری شەیتانیش ڕەقت کاتەوە ئەگەر ویستت لە نائاگاییدا خۆت ون کەیت، تا ببیتە عاشق، گێلە، بەو شتانە نابیتە عاشق،

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق هەبوونە، ئینجا شتی تر.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئازادیت ئەوەیە، لە عەشق ڕانەکەیت، تا ببیەوە بە مرۆڤێکی بە ئەخلاق.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

سێکس لە عەشقدا، نە مایەی شانازییە و نە ئابڕووچوون، تەنیا نووسینەوەی خەونەکانە لەسەر جەستە، ئازادیشە لە بیرکردنەوە و هۆشی ئەخلاقگەراکان.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

کۆمەڵگە، هەمیشە دوژمنی عەشقە. چونکە ئەو لەکەرامەت و ناموس ئەگەڕێت نەوەك چێژ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

کۆمەڵگە، سەخیفترین بوونەوەرە لە باسی عەشقدا، کەئیبترین زیندەوەرە کە ناتوانێت عەشق بە فانتازیا ببینێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ڕۆڵە خەریکی چیت؟ عەشق بسەلمێنێت یان بسەپێنیت؟ توخوا لەوە زیاتر ڕەزای خۆت گران مەکە و

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

دەست لەو گەمەیە بەردە، کە یاسای هەموو دین و دنیا جێ بەجێ ئەکات و جەستە فەرامۆش ئەکات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەر کەسێك پێمبڵێ، بە شعرێك یان بە ڕۆمانێك یان بەتەواوی فکری مرۆڤایەتییەوە، بە ساڵێك یان بە سەدەیەك بۆت ئەسەلمێنم کە من عاشقم، ئەوە من تەنیا ئەتوانم پێبکەنم!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هێی مرۆڤ، هەمیشە شتێك هەیە بیرت بێنێتەوە تۆ مرۆڤیت، کەواتە بیرمەکەوە تۆ عاشقیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

دەربازبوون لە نائومێدییەکانی عەشق، مەحاڵە، لە عەشق دەرباز ئەبیت و تەنیا نائومێدی ئەدۆزیتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

تێکەڵکردنی نائومێدییەکانی بیرکردنەوە بە نائومێدییەکانی جەستە، تێکەڵکردنی عەشقە بە شتێك کە پەیوەندییان بەیەکەوە نیە و ناتوانن ئاوێتەی یەکدی ببن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

لەگەڵم مەبە، نا، لەناوم بە، ئاوێتەم بە، کە ناشتوانی ، بڕۆ وازم لێبێنە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

کە ڕۆیشتیشی بزانە، هەرگیز ئاوێتەم نەبوویت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

تۆ مرۆڤێکی بە ناموسی، و جوانی و زیرەکیت، دوای ئەوە چی؟ ئەبێت عاشقت بم؟ هەزاران کەس وەك تۆ جوان و بەناموس و زیرەکن، بەڵام من ئەو کەسە ئاوێتەم بووە، کە ناموسی لە جەستە ستاندۆتەوە، جوانی لە روح دەرکردووە، زیرەکیشی دەمێکە فرۆشتۆتە شاعیر و ڕۆمان نووسەکان.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

مەگریێ حەیوان! تۆ وەرە من بگریێنە!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بەقەد سەرە دەرزییەك ڕەحمت پێناکەم، پشك پشك ئاوی جەستەت ئەمژم، قەترە قەترە تێکەڵت ئەبم.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق شەڕە، هەی ناشیرین، عەشق شەڕی ئەو خاڵە ناشیرینانەیە کە تا ئێستا لە ئەدەبدا بە جوانی وەسفیان ئەکرێت و ئەو جوانیانەشە کە تا ئێستا ئەدیبەکان لەسەر جەستە نایبیننەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

شەرم مەکە و مەترسێ، بە رووتی تەماشای روحم کە، بێ ئەوەی پەردەی دین و خوا و خواوەندەکانی فکر و کۆمەڵگەی بەسەردادەیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

خۆت بەڕەڵڵا کە لە ناو لەپەکانمدا، بزانە چیت بەسەردێ؟

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق بەسەرهاتە، ئەبێت ڕێ بدەین بێت و وەك خۆی، خۆی بنووسێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر ڕێگەکانی عەشقت گۆڕی، عەشق ون ئەکەیت و ڕێگەکان ئەدۆزییەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

تۆ چیت چیرۆکی عەشق بنووسیتەوە، بێدەنگ بە با ئەو خۆی ، خۆی حەکایەت کات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

تۆ بە عەشق نالێی من عاشقم، ئەو ئەتوانێ پێت بڵێ من تۆم.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر من گووتم هۆشەنگێکی عاشقم، درۆ ئەکەم، تەنیا عەشق ئەتوانێت بڵێت من لە هۆشەنگدا رەگێکم هەیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر لە عەشقدا باست لە خێر و شەڕ کرد، ئەوە هەر ئەوانەت بۆ دەمێنێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر باسی گریان و پێکەنینت کرد، ئەوە هەر ئەوانت بۆ ئەمێنێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر باسی جوانی و ناشیرینیت کرد، ئەوە هەر ئەوانت بۆ ئەمێنێتەوە..

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر باسی شەو و رۆژت کرد، ئەوە هەر ئەوانت بۆ ئەمێنێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر باسی پاڵەوانی و ترست کرد، ئەوە هەر ئەوانت بۆ ئەمێنێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەتوخوا ئەگەر عاشقیت خۆت لەو باسە تورەهاتانە دەرباز کە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بەداخەوە کە تێ ناگەین، عەشق پاڵەوانییەتی نیە، پێغەمبەرایەتی نیە، شانۆگەریی نیە، شعر نیە، زەمەنێك نیە، هەقایەتێك نیە، هەتیم عەشق ئەوانە نیە نا؟!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر وا تێبگەیت عەشق جۆرە دینێکە، عاشقانیش جۆرە سۆفییەکی خودای ئەو دینەن، یان باوەڕدارانی دەستوری ئەو دینەن، ئای چەند گێلی؟!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق موعجیزە نیە، چاوەکەم.ئەگەر موعجیزە بوایە ئەوە تەنیا پێغەمبەرەکان عاشق ئەبوون، عەشق

زۆر لەوە گەورەترە کە پێغەمبەرکان بە سادەیی بیناسن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سادەیە وەك رۆیینی ئاو لە رووباردا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق وەك بۆنی گوڵ ئەڕوا و ئەڕوا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

وەك دەنگ لە شەودا دێت و دێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق وەك تریفە تەنكە. وەك پەلكەكانیش نەرمە، وەك خۆیشی بێ شووناسە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

باسی سەرەتا و كۆتایی عەشقم مەكە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بیر لە عەشق مەكەوە، عاشقانە بیر بكەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بەدوای عەشقدا مەگەڕێ، عاشقانە بگەڕێ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بۆ دەسگیرانەكەت باسی عەشق مەكە، عاشقانە قسەی بۆ بكە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بۆ یارەكەت باسی گۆرانییە عەشقاوییەكان مەكە، عاشقانە گۆرانی بۆ بڵێ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

(2)

# لەبارەی ئاوێتەبوونەوە

لە عەشقدا، بە دوای موعجیزە و شعر و گۆرانی و فەلسەفە مەگەڕێ، بە دوای ئەقڵ و ئەخلاق و ئەو شتانەش مەگەڕێ، تەنیا و تەنیا عاشقانە رێگەکان ببڕە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر دەسگیرانە جوانەکەت شووی بە کەسێك کرد، دڵتەنگ مەبە، ئەگەر نا عەشقەکەی لەدەست ئەدەیت و دڵتەنگییەکەت بۆ ئەمێنێتەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر یارەکەت بە جێیهێشتی نائومێد مەبە، ئەگەر نا تەنیا نائومێدیت بۆ ئەمێنێتەوە و عەشق ون ئەکەیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر وەك هەولێرییەکان ئەڵێن "قلەکەت"، تۆی هەرزان فرۆشت و بە یەکێکی دیکەی دایت، عەشق هەڕاج مەکە. ئەگەر نا خۆت ئەکڕییەوە و عەشق هەرزان ئەفرۆشیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر یارەکەت لە جێژوان دواکەوت، تووڕەمەبە و جێژوانەکە بە جێمێڵە، ئەگەر نا حێژوانەکە هەر ئەمێنێت و عەشق کۆچ ئەکات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر بە یارەکەت گووت " کچێ لێگەڕێ با ماچت کەم" و ئەویش گووتی "نەیکەی شەرم ئەکەم" پێی بڵێ : عەشق بۆ من و شەرمەکە بۆ تۆ و یەکسەر لێوانی بگرە!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر بە دەسگیرانەکەت گووت ئێوارێ لە باخچەکە چاوەڕێت ئەکەم، ئەگەر گووتی نایەم، دایکم لێناگەڕێ، پێی بڵێ هەموو باخچەکان بۆ دایکت و من و تۆش بۆ یەك.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر نازدارەکەت پێی گووتی: کوڕە تیم دایکت گووتوویەتی من جوان نیم ، تۆ پێی بڵێ: با هەموو جوانییەکان بۆ دایکم بن و تۆش بۆ من !

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر حەیرانەکەت پێی گووتی: نەیێتە خوازبێنیم شوو بە ئامۆزاکەم ئەکەم!، پێی بڵێ ژنایەتیت بۆ ئامۆزاکەت و عەشقت بۆ من!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر بە شیرینەکەی خۆتت وت، ئەمشەو دێمەماڵتان و لە فرسەتێکدا ماچت ئەکەم، ئەگەر گووتی نەکەی هەتیم براکەم ئەمانکوژێ، "براکەت بۆ کوشتن و ئێمەش بۆ عەشق."

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سەفەر ناکات، بەڵام پڕە لەسەفەر.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق دەریا نیە، بەڵام پڕە لە شەپۆل.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق پیرۆز نیە، بەڵام پڕە لە خودا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق شار نیە، بەڵام پڕە لە ڕێگا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق چیا نیە، بەڵام پڕە لە بەرزایی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق باخچە نیە، بەڵام پڕە لە ڕەنگ و بۆن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سۆزانخانە نیە، بەڵام پڕە لە ماچ و ئاه و تێکەڵاوبوون.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ماڵ نیە، بەڵام پڕە لە دەرگا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ئاسمان نیە، بەڵام پڕە لە باران.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق باران نیە، بەڵام پڕە لە تەڕایی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق هەور نیە، بەڵام هەمیشە ئاوسە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق فەلسەفە نیە، بەڵام تژی پرسیارە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق جەنگ نیە ، بەڵام پڕە لە شەڕ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سیدی نیە، بەڵام پڕە لە گۆرانی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق وێستگە نیە، بەڵام پڕە لە ڕێبوار.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ساڵ نیە، بەڵام پڕە لە وەرز.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق کات نیە، بەڵام پڕە لە شەو و ڕۆژ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق دنیا نیە، بەڵام پڕە لە ژیان.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق کتێب نیە، بەڵام پڕە لە شعر.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق شعر نیە، بەڵام پڕە لە وێنە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق موعجیزە نیە، بەڵام پڕە لە ئەفسانە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ئەفسانە نیە، بەڵام پڕە لە خەیاڵ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق خەیاڵ نیە، بەڵام پڕە لە بڕوا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق بڕوا نیە، بەڵام پڕە لە وەڵام.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق وەڵام نیە، بەڵام پڕە لە راستی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق راستی نیە، بەڵام پڕە لە ئازادی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ئازادی نیە، بەڵام هەقیقەتە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق هەقیقەت نیە، بەڵام پڕە لە ئیمان.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ئیمان نیە، بەڵام خواوەندییەتی تێدایە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق خواوەندییەتی نیە، بەڵام پڕە لە پەیام.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق پەیام نیە، بەڵام پڕە لە مرۆڤایەتی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق مرۆڤایەتی نیە، بەڵام پڕە لە ماف.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ماف نیە، بەڵام پڕە لە دەستوور.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق دەستوور نیە، بەڵام پڕە لە هەنگاو.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق هەنگاو نیە، بەڵام پڕە لە دروشم.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق دروشم نیە، بەڵام پڕە لە جەنگاوەر.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عاشق جەنگاوەر نیە، بەڵام پڕە لە شادی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق شادی نیە، بەڵام پڕە لە چێژ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق چێژ نیە، بەڵام پڕە لە خۆشی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق خۆشی نیە، بەڵام پڕە لە بەختەوەری.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق بەختەوەری نیە، بەڵام پڕە لە مەستبوون.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق مەستبوون نیە، بەڵام پڕە لە تلیاك.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق تلیاك نیە، بەڵام پڕە لە بێهۆشی.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق بێهۆشی نیە، بەڵام پڕە لە بزربوون.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق بزربوون نیە، بەڵام پڕە لە ونبوون.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق ونبوون نیە، بەڵام پڕە لە گەڕان.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق گەڕان نیە، بەڵام پڕە لە دۆزینەوە.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق دۆزینەوە نیە، بەڵام پڕە لە خەون.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق خەون نیە، بەڵام پڕە لە فڕین.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق فڕین نیە،بەڵام پڕە لە ئاسمان.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق ئاسمان نیە، بەڵام پڕە لە شینایی.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق شینایی نیە، بەڵام پڕە لە جوانی.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق جوانی نیە، بەڵام پڕە لە سەرسامی.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق سەرسامی نیە، بەڵام پڕە لە بروسکە.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق بروسکە نیە، بەڵام پڕە لە رووناکی.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق رووناکی نیە، بەڵام پڕە لە گەشانەوە.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق گەشانەوە نیە، بەڵام پڕە لە پڕشنگ.

٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭ ٭

عەشق پرشنگ نیە، بەڵام پڕە لە کازیوە.

★★★★★★★★

عەشق کازیوە نیە، بەڵام پڕە لە سپێدە.

★★★★★★★★

عەشق سپێدە نیە، بەڵام پڕە لە سەحەر.

★★★★★★★★

عەشق سەحەر نیە، بەڵام پڕە لە سروە.

★★★★★★★★

عەشق سروە نیە، بەڵام پڕە لە فێنکایی.

★★★★★★★★

عەشق فێنکایی نیە، بەڵام پڕە لە ئاسوودەیی.

★★★★★★★★

عەشق ئاسوودەیی نیە، بەڵام پڕە لە شادمانی.

★★★★★★★★

عەشق شادمانی نیە، بەڵام پڕە لە پێکەنین.

★★★★★★★★

عەشق پێکەنین نیە، بەڵام پڕە لە درۆ.

★★★★★★★★

عەشق درۆ نیە، بەڵام پڕە لە فرتوفێڵ.

★★★★★★★★

عەشق فرتوفێڵ نیە، بەڵام پڕە لە سوێندخواردن.

★★★★★★★★

عەشق سوێندخواردن نیە، بەڵام پڕە لە پەیمان.

★★★★★★★★

عەشق پەیمان نیە، بەڵام پڕە لە نوێژ.

★★★★★★★★

عەشق نوێژ نیە، بەڵام پڕە لە پاڕانەوە.

★★★★★★★★

عەشق پاڕانەوە نیە، بەڵام پڕە لە خۆزگە.

★★★★★★★★

عەشق خۆزگە نیە، بەڵام پڕە لە ویستن.

★★★★★★★★

عەشق ویستن نیە، بەڵام پڕە لە هێز.

★★★★★★★★

عەشق هێز نیە، بەڵام پڕە لە تەماهی.

★★★★★★★★

عەشق تەماهی نیە، بەڵام پڕە لە داگیرکردن.

★★★★★★★★

عەشق داگیرکردن نیە، بەڵام پڕە لە هێرش.

★★★★★★★★

عەشق هێرش نیە، بەڵام پڕە لە پلان.

★★★★★★★★

عەشق پلان نیە، بەڵام پڕە لە سیاسەت.

★★★★★★★★

عەشق سیاسەت نیە، بەڵام پڕە لە هونەر.

★★★★★★★★

عەشق هونەر نیە، بەڵام پڕە لە تێنەگەیشتن.

★★★★★★★★

عەشق تێنەگەیشتن نیە، بەڵام پڕە لە لێکدانەوە.

★★★★★★★★

عەشق لێکدانەوە نیە، بەڵام پڕە لە بۆسە.

★★★★★★★★

عەشق بۆسە نیە، بەڵام پڕە لە نزا.

★★★★★★★★

عەشق نزا نیە، بەڵام پڕە لە خەڵوەت.

★★★★★★★★

عەشق خەڵوەت نیە، بەڵام پڕە لە زیکر.

★★★★★★★★

عەشق زیکر نیە، بەڵام پڕە لە هاوار.

★★★★★★★★

عەشق هاوار نیە، بەڵام پڕە لە فریا.

★★★★★★★★

عەشق فریا نیە، بەڵام پڕە لە حالگرتن.

★★★★★★★★

عەشق حالگرتن نیە، بەڵام پڕە لە شکۆداریی.

★★★★★★★★

عەشق شکۆداریی نیە، بەلاّم پڕە لە سەرفەرازی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سەرفەرازی نیە، بەلاّم پڕە لە شانازی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق شانازی نیە، بەلاّم پڕە لە گەورەیی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق گەورەیی نیە، بەلاّم پڕە لە وزە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق وزە نیە، بەلاّم پڕە لە رۆح.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق رۆح نیە، بەلاّم پڕە لە سەرمایە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سەرمایە نیە، بەلاّم پڕە لە دەوڵەمەندی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق دەوڵەمەندی نیە، بەلاّم پڕە لە گەنجینە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق گەنجینە نیە، بەلاّم پڕە لە زێڕ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق زێڕ نیە، بەلاّم پڕە لە بریسکانەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق بریسکانەوە نیە، بەلاّم پڕە لە رۆشنایی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق رۆشنایی نیە، بەلاّم پڕە لە نیگا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق نیگا نیە، بەلاّم پڕە لە سحر.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سحر نیە، بەلاّم پڕە لە ئەفسوون.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ئەفسوون نیە، بەلاّم پڕە لە جادوو.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق جادوو نیە، بەلاّم پڕە لە کاریگەری.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق کاریگەری نیە، بەلاّم پڕە لە هێز.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق هێز نیە، بەڵام پڕە لە بزاف.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق بزاف نیە، بەڵام پڕە لە جوڵە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق جولە نیە، بەڵام پڕە لە نەوەستان.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق نەوەستان نیە، بەڵام پڕە لە چاوەڕێ بوون.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق چاوەڕێ بوون نیە، بەڵام پڕە لە وێستگە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق وێستگە نیە، بەڵام پڕە لە سەفەر.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سەفەر نیە، بەڵام پڕە لە گەڕان .

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق گەڕان نیە، بەڵام پڕە لە نوێبوونەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق نوێبوونەوە نیە، بەڵام پڕە لە تازەیی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق تازەیی نیە، بەڵام کۆن نابێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق کۆن نابێت نیە، بەڵام پڕە لە لەیادچوونەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق لە یادچوونەوە نیە، بەڵام پڕە لە لێبووردن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق لێبووردن نیە، بەڵام پڕە لە میهرەبانی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق میهرەبانی نیە، بەڵام پڕە لە بەخشندەیی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق بەخشندەیی نیە، بەڵام پڕە لە سۆز.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق سۆز نیە، بەڵام پڕە لە حەز.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق حەز نیە، بەڵام پڕە لە کودەتا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق کودەتا نیە، بەڵام پڕە لە عەرش.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق عەرش نیە، بەڵام پڕە لە دەسەڵات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق دەسەڵات نیە، بەڵام پڕە لە وڵات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق وڵات نیە، بەڵام پڕە لە شۆڕش.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق شۆڕش نیە، بەڵام پڕە لە شەهید.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق شەهید نیە، بەڵام پڕە لەمردن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق مردن نیە. بەڵام پڕە لە فەنابوون.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق فەنابوون نیە، بەڵام پڕە لە هەنیسك

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق هەنیسك نیە، بەڵام پڕە لە هەناسە

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق هەناسە نیە، بەڵام پڕە لە هەڵمژین.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق هەڵمژین نیە، بەڵام پڕە لە ئاوێتەبوون.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ئاوێتەبوونە، ئاوێتە بوون، ئاوێتە بوون.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

(3)

## له بارەی ئاوێنەکانەوە

دوو مێرووڵەی ڕەش، ماوەیەکی زۆر بە عەشقەوە پێکەوە ژیانیان ئەکرد، لە ڕۆژێك لە ڕۆژەکاندا یەکێك لە مێرووڵەکان هەستی بە تەنیایی و بێتاقەتی و بێزاری کرد لە عاشقەکەی، بۆیە دەستی بەوە کرد بە شتێکی دی، یان مێرووڵەیەکی دی ئەو تەنیایی و بۆشاییانە پڕکاتەوە کە هەستییان پێ ئەکات.

ڕۆژێکیان تووشی مێرووڵەیەکی ڕەنگ سوور بوو، زوو هەستی کرد، ئەو مێرووڵە سوورە ئەو مێرووڵەیەیە بتوانێت تەنهاییەکەی بکوژێت و کاروانی عەشقێکی نوێی لەگەڵدا بگرێتە بەر، بۆیە بە مێرووڵە ڕەشەکەی گووت: من تۆم ناخۆش ناوێ ، مێرووڵە سوورەکەم خۆشئەوێ؟! مێرووڵەی ڕەش کەوتە بیرکردنەوە و زۆر شتی بە مێشکدا هاتن، لەوبیرانە:

بیکوژم، ئاوێنەیەك وێنەی قاتلێکی پێ نیشان دا.!

تف بکەمە ناو چاوییەوە و بە جێی بێڵم، وێنەی جەلادێکی لە ئاوێنەکەدا دیتەوە!

رقم لێی ببێتەوە، وێنەی دەعبایەکی لە ئاوێنەکەوە دی!

لە کۆتاییدا گووتی هەرسێکمان ئازادین، من عاشقتم و لێشت ناپارێمەوە عەشقم بدەیتێ، ئەگەر دوودڵ و راڕا نیت و پێت وایە عاشقی، هەموو رێگاکان لەبەر هەرسێکمانەوە کراونەتەوە.هەر کەسە و رێگەی خۆی ئەبرێت، من و تۆ و ئەو، ئەوە ئەمێنێتەوە، ئەوەی رێگەی عەشق بێت لە سوچێکدا بەیەك ئەگەنەوە. لەو دەمەدا ئاوێنەکان وێنەی عاشقێکیان نیشاندا، دلخۆش بوو بە وێنەکەی و رێگەی خۆی گرت، زۆری پێنەچوو، بینی لە رێیەکدا ئەڕوا، ئاوێنەیەك نیشانی دا دەستی لەدەستی مێرووله رەشەکەیدایە، گووتی: (هەی رەشی پیس، بۆ دواکەوتی؟!)

★ ★ ★ ★ ★ ★

- ماندوونەبووی ئەوەندەی ئەو ئاوازانە بۆ من بچڕیت؟ شالوورێك،بەوەی تری گووت.
- نا بۆ ماندیبم؟ من کارم چڕینی ئاوازە بۆ دەسگیرانەکەم.
- ناترسیت رۆژێك بێت تۆ لە ئاواز چڕین بوەستیت؟
- با زۆر ئەترسم.
- ئەی چی ئەکەیت، تا ئەو رۆژە نەیەت، سەفەر ئەکەیت، یان لە شالووره گەورەکانەوە هەمیشە فێرە ئاوازی نوێ ئەبیت؟
- نە سەفەر ئەکەم و نە لەشالوورەکانی دیکەوە فێر ئەبم. بەڵکو لە تۆوە هەمیشە ئەبێت ئاوازێك بدۆزمەوە و بیچڕم.
- ئەی ئەگەر من تاقەتم نەما گوێت لێبگرم؟ ئایا چی ئەکەی بەدوای شالوورێکی دیکەدا ئەگەڕێی گوویت لێبگرێ؟
- بێدەنگ و بێ ئاواز سەمات بۆ ئەکەم.
- ئەی ئەگەر لە سەماکەشت بێزار بووم؟
- دەست بە شعر گووتن ئەکەم .
- ئەی ئەگەر لە شعرەکانیشت تێربووم.
- دەست ئەکەم بە تابلۆ کێشان و بە رەنگەکانی هەر چوار وەرزی ساڵ وێنەت ئەکێشم.
- ئەی ئەگەر لە تابلۆکانیشت تاقەتم چوو؟
- دەست ئەکەم بە رۆمان نووسین.
- ئەی ئەگەر تاقەتی خوێندنەوەیانم نەبوو؟
- فێرە بێدەنگی ئەبم.
- ئەی ئەگەر لە بێدەنگیت بێتاقەت بووم؟
- کەواتە چاوەڕێ ئەکەم تا شتێکی تر ئەدۆزمەوە پێیەوە دڵخۆش بی.
- ئەی ئەگەر من تاقەتی چاوەڕێکردنم نەبوو؟
- لە دڵتدا گۆڕێك لێئەدەم و خۆمی تێدا ئەنێژم.

- ئەی ئەگەر دڵم نەیویست گۆریشت پێ ببەخشێ؟
- تۆ وا ئەکەی لە پێست و پەڕ و باڵی خۆم دەرچم!
- ئا عەشق لە پەڕو باڵ دەرچوونە.
- کەواتە ئەبێت لە پەڕ و باڵ دەرچم، بەڵام چۆن؟
- ئەوەیان کاری منە تۆ بیری لێمەکەوە!
- تۆ چۆن ئەوە ئەکەیت؟
- ئەوەشیان کاری تۆیە لە من مەپرسە!

* * * * * * *

شەهێنێك برِی بە چ بەرزاییەك نە ئەشكا بۆ ئەوەی هێلانەكەی تێدا دانێت. تەوارەكەی پێی گووت ئەو لانەیە بۆ وا بڵند بێت؟

- تا لە بڵندترین پنتی ئاسمانەوە تەماشای زەوی بکەین؟
- بەڵام من نامەوێ ماڵم لە ئاسمان بێت.
- بەڵام من ئەمەوێت پێكەوە لە ئاسمان بین.
- شەهێنەكە تا لانەكەی لە ئاسمان دامەزراند، هەموو هێز و توانای خۆی بەكارهێنا و لانەكەی ئەوەندە گەورە نەبوو جێگەی هەردووكیان تێدا ببێتەوە.گووتی تاقەتم نیە لەوە زیاتر گەورەی بكەم، سەفەری ئاسمان و زەوی بڕستی لێ بڕیم.
- تەوارەكە گووتی چی بكەین؟ تۆ نایەیتەوە سەر زەوی و هێلانەكەشمان بەشی هەردووكمان ناكات. ئەگەر بە تەنیا لەوێ بین، ئەوە هەر یەكەمان كاتێك لەوێ بەتەنیایی بەسەر ئەبات و ئەوەی دیكەش لە چیادا هەر تەنیایە، كەواتە هەردووكمان تەنیا ئەبین؟
- بووە مشت ومڕیان، دوایی شەهێنەكە گووتی، ئاسمان بۆ من و چیا بۆ تۆ.
- تەوارەكە گووتی، تۆ ئاسمان ئەبەیتەوە و منیش چیا.لێ هەردووكمان عەشق ئەدۆڕێنین.

شەهێنەكە لە شەققەی باڵی دا و بەرەو ماڵەكەی لە ئاسمان بەرزبۆوە. تا لە چاوان بزربوو.

تەواریش گەڕایەوە هێلانەكەی لەسەر چیا.

دوای رۆژگارێك، شتێك لە ئاسمانەوە بەربۆوە ناو لانەی تەوارەكە، شەهێنێكی پیر و كەنەفت و ماندوو،

تەوارەكە گووتی: لە كوێوە دێی؟

-لە ئاسمانەوە تەوارە جوانەكەم، لە ئاسمان.

-لەوێوە تێر تەماشای زەویت كرد؟

-زۆر بڵندبوو، زەویم لێ دیار نەبوو.

- ئێ وایە لە پێناو بەدەستهێنانی شتێك ئەبێت شتێكی دی بدۆڕێنێت.
- ئەبوایە لە پێناو زەویدا لەسەر خاك نیشتە جێبام، نەوەك لە ئاسمان.

- له پێناو عەشقی زەویدا ئاسمانم دۆڕاند، له پێناو ئاسمانیشدا زەویم دۆڕاند.
- من و تۆش له زەوی و خاك ئەچین، پێکەوه له ناو لانەیەکدا جێمان نەبۆوه.
- ئێستا پیرم و ئەبینم، عەشق دەریا نیه، دەریا مەحکومە بە کەنار. عەشق چیا نیه، چیا مەحکومە بە بەرزایی، هەموو شتەکان سنووریان هەیە، سنوورێك بۆ دیتن، بۆ درێژبوونەوە، ماوەیەك خاوەن زەوی بووم، ماوەیەك خاوەن ئاسمان بووم.
- من لەناو قەدی چیاوە ئاسمان و زەویم ئەدیت، بۆیە من زووتر تێگەیشتم کە زەوی ئەدۆزییەوە، ئاسمان ئەبینی. بەڵام عەشق ، عەشق ئەی پیری کەنەفت، نە لەزەوی بوو نە لەئاسمان؟!
- من دڵم دا بە ئاسمان و تۆش بە چیا.لەوناوەدا عەشقمان بزر کرد.
- ئەی ئێستا چۆن بیبینینەوە؟
- من تەماشای دڵی خۆم ئەکەم و تۆش تەماشای جەستەت بکە.

هەردووکیان چاویان داخست و وێنەی ئاسمان و زەوی و دەریا و زەریا و چیا و دارستانەکانیان ون کرد. پێکەوە بوون، لە خاکێکدا ئاسمانێکی شین و دارستانێکی سەوز و زەریایەکی تەڕ و چیایەکی پڕ لە هێلانەیان ئەنەخشاند.

- تازە تێگەیشتم، فڕین بەدوای عەشقدا، چ گەمەیەکی خەسارە. تازە تێگەیشتم چەند پێویست بوو عاشقانە فڕیبام، عاشقانە بەرەو ئاسمانەوە چووبام، عاشقانە نیشتبامەوە، عاشقانە بە زەوی و ئاسمانەکانەوە وەرببام.
- یەعنی چی ئەی پیر، عەشق حیکمەتە؟
- نا عەشق حیکمەت نیە، بەڵام عاشقەکان حەکیمن.
- چۆن؟
- حەکیم لە عەشقدا ئەوەیە، حیکمەت بە زەوی و ئاسمان نافرۆشێت.خۆی بە ئاسمان و زەوییەوە سەرقاڵ ناکات. بەڵکو هەموو شتەکان بە عەشقەوە سەرقاڵ ئەکات. من ئەبوایە سەرقاڵی ئاسمان و زەوی و تۆش نەبام. بەڵکە ئەبوایە ئێوەم بە خۆوە سەرقاڵ کردبا.

تەوارەکە چاوەکانی کردنەوە و گووتی: ئاوێنەکە درۆ ناکات، تۆ ئێستا عاشقیت.

(4)

# لەبارەی فانتازیاوە

**عەشق رەنگە موعجیزە خەلق بکات، بەلاّم خۆی هەرگیز موعجیزە نیە.**

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

**عەشق رەنگە شەڕی گەورە بە مرۆڤ بکات، بەلاّم خۆی جەنگ نیە.**

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە سەفەری زۆر درێژ بە مرۆڤ بکات، بەڵام خۆی سەفەر نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە ڕەنگاوڕەنگینترین خەونت پێ ببینێت، بەڵام خۆی خەون نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە قوڵترین گەڕانت پێ بکات، بەڵام خۆی گەڕان نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە خوێناویترین چارەنووست بداتێ، بەڵام خۆی چارەنووس نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە هەموو قەدەرەکانت بێنێتە ڕێ، بەڵام خۆی قەدەر نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە گەورەترین درۆت پێبکات، بەڵام خۆی درۆ نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە بتکاتە پاڵەوان، بەڵام خۆی پاڵەوانییەتی نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە هەموو شتێکت لێ بستێنێ، بەڵام خۆی کارەسات نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشقە ڕەنگە بشتکوژێ، بەڵام خۆی چەك نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەنگە هەموو شتێکت بداتێ، بەڵام خۆی بەخشین نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق فانتازیایە، بۆیە نابێتە واقع، ئەکرێت واقعی خۆت تێکەڵی فانتازیا بکەیت، لێ ناکرێت فانتازیا تێکەڵی واقع بکەیت، عاشقبوون، گەیشتنە بە فانتازیا، نەك بە واقع.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشقت تێکەڵی واقع مەکە، خۆت فڕێدە ناو فانتازیا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوامەکە عەشق سەختتر بێت لە خەیاڵ و لە جەنگ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوا مەکە عەشق ریسوا، یا نابووتت بکات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق جنایەت و قەتل و دڵ کون کردن و جەرگ سووتان نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق نە ئاگرە بتسووتێنێ و نە ئاوە بتخنکێنێ.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

گریان و ئێش ، له فەرهەنگی عەشقدا وشە نین، بەڵكو ئاماژەن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

له عەشقدا رەخنە له ژیان ناگیرێت، بەڵكو رەخنەگرانە ژیان ئەكرێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

له عەشقدا شەڕ لەگەڵ دنیا هەڵناگیرسێت، بەڵكو جەنگاوەرانە دەستوورێكی نوێ بە دنیا ئەبەخشرێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

له عەشقدا ململانێ لەگەڵ گەردوون ناكرێت، بەڵكو شەڕكەرانە ئەخلاقێكی نوێ بە ماهییەت ئەبەخشی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

له عەشقدا مرۆڤ لە هەڵوێست ناگەڕێت لەبەرامبەر دنیادا، بەڵكو عاشقانە له دنیادا هەڵبژاردن ئەكات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ژیان تەنیا هەڵوێست نیە، ئەگەر نا عاشقەكانیش پەشیمانبوونەوەیان ئەناسی!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

دنیا تەنیا جەبر نیە، ئەگەر نا عاشقەكانیش بڕوایان بە مێژوو ئەبوو!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

دنیا تەنیا ئەخلاق نیە، ئەگەر نا عاشقەكانیش بڕوایان بە دین ئەبوو!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ژیان تەنیا عەشقیش نیە، ئەگەر نا عاشقەكانیش بڕوایان بە هەقیقەت ئەبوو!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ژیان تەنیا جوانی نیە، ئەگەر نا عاشقەكانیش بڕوایان بە راستی ئەبوو!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

دنیا تەنیا خوا نیە، ئەگەر نا عاشقەكانیش بڕوایان بە یەقین ئەبوو!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ژیان تەنیا راستی نیە، ئەگەر نا عاشقەكان نەیانئەتوانی درۆ بكەن!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ژیان تەنیا درۆش نیە، ئەگەر نا عاشقەكان نەیانئەتوانی بڕوا بە فانتازیا نەكەن!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ژیان تەنیا شعریش نیە، ئەگەر نا عاشقەكان نەیانئەتوانی بڕوا بە تراژیدیا نەكەن!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ژیان تەنیا تراژیدیاش نیە، ئەگەر عاشقەكان بڕوایان بە شعرییەتی عەشق و دنیا نەبا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عاشقبوون له ڕههەندێکییەوە، شعرە. شعریش لە ڕەهەندێکیەوەتراژیدیایە بۆ خوا و دنیا و ژیان. ژیان خوا و شعر و عەشق و دین و شتەکانی دیکە لە خۆی ئەگرێت، ئەو شتانەش لە ناو خۆیاندا بەشێکی ژیان پێکئەهێنن، جیاوازی عەشق لە بابەتەکانی دیکەدا ئەوەیە، ئەکرێت ژیان بکاتە شعر ، بکاتە تراژیدیا، بکاتە فانتازیا.

دیتنی عاشقانە، بینینێکە ژیانەوەریانە، تراژیدییانە، شعرییانە، کە بە شێوەیەك، ژیان لە عەشقدا ئەبێتە ئاماژە، نەوەك مانا و جوانی.عەشق نابێتە دنیا.بەڵکو تەنیا ئاماژەیە. هەروەك شعر. عاشق شعرە، نەوەك شاعر، عەشقیش شاعرە نەوەك شعر.

بەکورتی عاشق بوونەوەرێکی فانتازیە لە ژیاندا. بۆیە ناکرێت نە عاشقێك بگریت و نە ناسنامەکەی ببینیت!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

تۆ جەنگ و جەنگاوەرت هەیە، ئەوەی بەها بە جەنگ و جەنگاوەر ئەبەخشێت خوێنڕشتن و کوشتنە. بێ خوێن و کوشتن، جەنگاوەر و جەنگ بێ بەهان.ئەوە بەهای مێژووە.

تۆ شعر و شاعیرت هەیە، زمان بەها بە شعر و شاعیر ئەبەخشێت، بێ زمان شعر و شاعیر نین، ئەوە بەهای ئەدەبە.

تۆ عەشق و عاشقت هەیە، بێ جەستە و ئەقڵ و سۆز و روح و فانتازیا، عەشق و عاشق نین، ئەوە بەهای عاشقانەیە.

بەڵام ڕەنگە تۆ لە جەنگدا بێ کوشتن و خوێنڕشتنیش ببیتە جەنگاوەر، بێ زمانیش ببیتە شاعر، لێ بێ جەستە و ئەقڵ و سۆز و روح و فانتازیا،زەحمەتە بگەیتە عاشقبوون.

ئاسانە، تۆ بێ جەنگیش لە ناو مێژوویت، بێ نووسینیش لە ناو ئەدەبیت، لێ بێ فانتازیا لەناو عەشق نابیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەکرێت بە ئاسانی جەنگێك بۆ مێژوو بەرپاکەیت، بە شعرێك شۆڕشێك لە ئەدەبدا بەرپاکەیت، لێ بێ فانتازیا سەختە عەشق بەرپاکەیت.

عەشق بەرپاکردن نیە لە شێوەی دنیا، بەڵکو بە فانتازیاکردنی مێژوو و ئەدەب و دنیایە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عاشقبوون بەرپاکردنی خۆتە، لەناو فانتازیادا.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

(5)

# له بارەی ئەدەبەوە

من نزانم تۆ باسی مەرگ و تراژیدیا ئەکەیت، یان عەشق؟

من نزانم تۆ باسی خوا ئەکەی، یان عەشق؟

من نزانم تۆ باسی دەوڵەت ئەکەی، یان عەشق؟

من نزانم تۆ باسی جەنگ ئەکەیت، یان عەشق؟

من نزانم تۆ باسی ژن ئەکەیت؟ یان عەشق؟

ئەگەر ئەتوێت باسی عەشقم بۆ بکەیت، باسی خۆت بکە!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر یارەکەت پێیگووتی،تۆزی بەر پێتم، یەکسەر بەسەری کەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر پێی گووتی چ غەداری چ سەفاکی، بزانە درۆ ئەکات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر پێی گووتی تۆ من ئەکوژی، باشترە بیکوژی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر گووتی تۆ زەوقی ژیانت لە لانەهێشتووم، بزانە ئەو زۆر بێ زەوقە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

قەت خۆت بە تاوانبار مەزانە بەرامبەر بەوەی پێت ئەڵێت: تۆ عەشق نازانیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

قەت خۆت بە نەزان مەزانە بەرامبەر بەو کەسەی پێت ئەڵێت تۆ لە دەستووری عەشق نەگەیشتوویت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەرگیز بڕوا بەو کەسە مەکە پێت بڵێت هەموو کەسێك نابێتە عاشق.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

گەورەترین درۆی ئەدەبی ئەوەیە کە شاعیرترین و عاشقترین کەس ئەو کەسەیە کە گەورەترین درۆزنە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوات هەبێت یەك تاکە ئەدیبیش نیە درۆی نەکردبێت لەبارەی عەشقەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوا بەوانە مەکە کە عەشقت لە لا سەخت ئەکەن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوا بەوانەش مەکە کە عەشقت لە لا ئەکەنە مەیدانی شەڕ

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوا بەوانە مەکە کە ئەڵێن: تۆ نابیتە عاشق.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوا بە هیچ ئەدیبێك مەکە پێت بڵێت ئەوەی تۆ ئەیکەیت، عەشق نیە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەرکی ئەدەب پاراستنی روحی عاشقانەیە، نەوەك کاولکردنی.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق، مەکە بە چاکەکاری، مەیکە بە خێر.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق مەکەن بە دین و دەستوور و موعجیزە، مەترسە عاشق ئەگەر ئەوان عەشقی تۆ بە خورافە و بە ئەفسانە تێبگەن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەدیبەکان پێیان وایە، تەنیا ئەوان باسی عەشقییان کردووە، تەنیا ئەوان ئەو مافەیان هەیە لە ئاسمانەوە باسی عەشق بکەن و پێیان وابێت بەس هەڵبژاردەیەك ئەتوانن عەشق بکەن، دەی ئەوانەی لە خۆم بەرەللاتر و گێلتر، با نیشانییان بدەین ئێمە چ عاشقێکین؟!ئەتوانین چ ئەدەبێك بەوانیش ببەخشین.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەو ئەدیبانە زۆر سەیرن، لە ئاسمانەوە بۆ یەکدی باسی عەشق ئەکەن و تەماشای عاشقەکان ناکەن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر زۆرێك بۆ مەم و زین، لاس و غەزال، شیرن و فەرهاد، ئەسمەر و مامەر ئەگرییێن، ئەوانە هەموویان درۆ ئەکەن، چونکە کەسیان ناهێڵێت کچەکەی ماچ بداتە عاشقەکەی. دە کەواتە با ماچەکانتان ئەو کۆلەوارانە بگرێنیّ!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

کا سەرچاوەیەکم نیشان دەن، باسی عەشقی کچەکەی خانی بکات، باسی خۆشەویستی خوشکەکەی جەزیری بکات، باسی پوری نالی بکات، دەبا نووسەرانی ئەمڕۆش باسی خۆشەویستی داپیرەکانییان بکەن؟!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

باوەڕ بکەن، ئەوانەی لە ئاسمانەوە ئەژین، زەوییەکانی عەشق نابینن، ئەوانەی لە جەنگیشن، رێگەکانی عەشقیان ون کردووە، تۆش ئەی عاشق ئەگەر ئەم کتێبە توڕ هەڵئەدەیت و نەچیت خۆشەویستەکەت ماچ کەیت، ئەوە لەو کتێبەدا ماچەکانی عەشق بزر ئەکەیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

مەمخوێنەوە چاوەکەم! بڕۆ دەسگیرانەکەت بخوێنەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

با من کارت تێنەکەم، ئەوە ئیشی یارەکەتە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بەکەس بڕوا مەکە، تەنیا بە روحی عاشقانەی خۆت نەبێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەرگیز وامەزانە، گەورەترین نووسەریش بەقەد تۆ عاشق بێت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەوانەی باسی گەورەترین و یەکەمین عاشقی کوردی ئەکەن، ئەو عاشقە هەرگیز ناگاتە هەناسە قوڵ و دوورەکانت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوا مەکە، زیرەکترین نووسەر، بتوانێت هەستەکانت بگوازێتەوە کاتێك لەسەرە ڕێیەکدا چاوەڕێی دەسگیرانەکەت ئەکەیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەموو شاکارە ئەدەبییەکانی عەشق، بە یەك خەندەی دەسگیرانەکەت مەگۆڕەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەموو ئەدەبیاتی دونیا، بەیەك ماچی دەسگیرانەکەت مەدە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ئەزموونی خۆتە، بە شعر و ڕۆمانەکانی مەدە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

قەت دوو دڵ مەبە، بە جوانترین شعری عاشقانە، بە نایابترین وشەی عەشق، بڵێی قسەی قۆڕە بەرامبەر نیگایەکی یارەکەم بۆ من.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوا مەکە ئەو شوێنەی کتێبخانەی لێبوو، عەشقیشی لێ یە، بڕواش مەکە ئەو شوێنەی خودای لێبوو، عەشقی لێ یە، بڕواش مەکە ئەو شوێنەی مزگەوتی لێبوو، عەشقی لێ یە، بڕواش مەکە ئەو شوێنەی چایخانەی لێبوو، عەشقی لێ یە، بەلاّم بڕوا بکە تۆ لەهەر شوێنێ بووی، عەشقی لێ یە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بۆ یارەکەت بنووسە، هەموو کتێبەکانی عەشقم خوێندنەوە، هەر لە کلاسیکەکانەوە تا ئەمڕۆ، بەلاّم لە هیچیاندا عەشقێکم نەدۆزییەوە لە هی تۆ بچێت.زەمەنی تۆ زەمەنی عەشقە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بۆی بنووسە شەرم مەکە و بڕوات هەبێت، ئەو لە هەر کات و شوێنێك ئامادەبێت، ئەو ناوە بە بۆنی عەشق سەرخۆش ئەکات.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

بڕوا بەوە بکە کە عەشقە ئەدەبمان ئەداتێ، نەوەك بە پێچەوانەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەر عەشقیش شتەکانی دیکەمان ئەداتێ، نەوەك بە پێچەوانەوە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق ڕەهابوونە. بۆیە مەیسەپێنە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر لە عەشقەوە فێرە شتەکانی دی نەبیت، ئەوە لە شتەکانی دیکەوە زەحمەتە فێرە عەشق بیت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

عەشق فێربوون نیە، ڕاهاتنیش نیە، خوو گرتن نیە، بەڵکو ئەو وات لێئەکات فێرە شتی دیکە بیت و لەسەر هەندێ شتی دیکە رابێیت و خووی جۆراوجۆر بگریت.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هەرگیز ڕازی مەبە پێت بڵێن ئەدیبی عەشق و هونەرمەندی عەشق و نووسەری عەشقیت، فێریان کە بە خاوەن ئەدەب و هونەر و نووسینێکی عاشقانەت ببینن.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەدیبەکان هەمیشە لە خەمی خۆیانن، هەمیشە ئەیانەوێت خۆیان نەمر کەن، ڕوحی بێ عەشقی خۆیان، نەوەك عەشقی پڕ ڕۆحیان.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

کێ باسی خۆشەویستی دایکی ئەکات، لەگەڵ پیاوێك کە باوکی نیە؟! کێ باسی خۆشەویستی ژنەکەی ئەکات کە لەگەڵ ئەو نیە؟! کێ باسی خۆشەویستی خوشکەکەی ئەکات لەگەڵ دەسگیرانەکەی؟! کێ باسی خۆشەویستی ئەو عاشقانە ئەکات؟! چ ئەدیبێك و چ ئەدەبێك؟!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

دە کەواتە بڕوا مەکەن، ئەو ئەدەبە شەرمنە حەیای عەشق بەرجەستە کات؟!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

چاوەڕێ مەبن، ئەو ئەدەبە ژن بە عاشق حسێب کات؟!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★